# پێشەکییەکی زۆر کورت بۆ زمانناسی

د. جەعفەر شێخولئیسلامی

هەموو ئینسانێک، بەو مەرجە کە هەلومەرجی فیزیکیی لەشی کەمایەسیی نەهێنێ و گوێی لە زمانێکیش بێ کە لە دەور و بەری قسەی پێ بکرێ، لانی کەم، فێری یەک زمان دەبێ، بە بێ ئەوە کە بە ئاشکرایی خۆی بە فێربوونی ئەو زمانەوە ماندوو و شەکەت بکا. بە کورتی، ئێمە زمانی زگماکیمان لە خۆوە فێر دەبین و پێمان وا نییە کە شتێکی سەیرمان کردووە.
ڕەنگ بێ ئەمە یەکێک لەو هۆیانە بێ کە زۆربەی خەڵک شارەزای ئەو بوارە زانستییە نین کە لە زمان دەکۆڵێتەوە. ئەم شارەزا نەبوونەش لە زمانناسیی و، بابەتەکانی لێکۆڵینەوە لەو بوارە دا، هەر تایبەت بە کورد نییە.

لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا کە خەریکی خوێندنی زمانناسیی بووم، بۆم دەرکەوت کە زۆر کەنەداییش نازانن خوێندکاری زمانناسی چی دەخوێنێ. پاشی ئەوە کە لە وەڵامی ″چی دەخوێنی؟″ دا، دەمگوت ″زمانناسی″، زۆربەی خەڵک یان دەیانگوت ″لە زمانناسی دا چی دەخوێنن؟″، یان دەیانگوت، ″کامە زمان فێر دەبی؟″، یان ″چەند زمان فێر دەبی؟″ دەتوانم بڵێم کە شارەزایی زۆربەی خەڵک لە زمانناسی، ئێستاش، لەوە تێناپەڕێ. پێم وا نییە کە کۆمەڵگاکانی دیکەش لەو بارەوە جیاواز بن.

باشە بەراستی زمانناسی، ئەگەر بریتی نەبێ لە فێربوونی زمانێک یان چەند زمانێک، چییە؟

ئەم وتارە کورتە هەوڵدانێکە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە. ناسینی زمانناسی، بە تایبەت بۆ ئەو فێرخوازانەی کە بیر لە درێژەدانی خوێندن لە پلـەی زانستگە دا دەکەنەوە، یان هەر کەسێکی کە حەز بکا خۆ بە بابەت و دیاردەکانی زمانەوە خەریک بکا، گرینگە. هۆی بە

گرینگ زانینی ئەم خاڵە لە بەر ئەمەیە کە ناسینی زمانناسی وەکوو بوارێکی زانستیی بۆ کورد پێویستە. بە هەبوونی زمانناسی زۆرتر کە خۆ بە زمانی کوردییەوە خەریک بکەن و بە شێوەی زانستیی لێی بکۆڵنەوە، لەوانەیە هیوای هەبوونی ئاسۆیەکی ڕووناک، یان ڕووناکتر، بۆ ئەم زمانە وێچووتر و لە ڕاستیی نزیکتر بێ.

## زمانناسی چییە؟

زمانناسی بریتییە لە لێکۆڵینەوەی زانستییانەی زمان. ئەگەرچی زانینی زیاتر لە زمانێک لەوانەیە یارمەتی خوێندکاری زمانناسی یان زمانناسێک بدا کە باشتر لە چەمک و دیاردەکانی زمان تێبگا، زمانناس ناچار نییە زمانێکی دیکە فێر بێ. بەڵکوو، زمانناس هەوڵ دەدا کە لە زمان، وەکوو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و ئینسانی، تێبگا. زمانناسی، بۆ نموونە، لە وەڵامی ئەم چەشنە پرسیارانە دەگەڕێ: دەنگەکانی زمان چۆن ساز دەبن؟ بۆچی کاتێک قسەکەرێک ئەم دەنگانە بە دوای یەکتر دا ڕیز دەکا، یەکێکیتر، واتە گوێگرێک، دەتوانێ لەم دەنگانە واتا و مانا چێ بکا؟ هەروەها، بۆچی ئەم سازکردنەی واتا لە دەنگ بە هەموو گوێگرێک ناکرێ؟ زانینی زمانی زگماکیی مانای چییە؟ ئایا زمانی هەڵە و زمانی ناهەڵە هەن؟ ئایا زمانێکی بەربڵاوی وەکوو ئینگلـیسی لە زمانێکی سەرکوتکراوی وەکوو کوردی، یان زمانی گوندێکی دوورەدەستی ئەفریقایی تەواوترە؟ جیاوازی لە نێوان دیالەکت (لەهجە) و زمان دا چییە؟ بۆ نموونە، ئایا کوردی زمانە، یان لەهجە؟ جیاوازی شێوە قسەکردنی ژن و پیاو چییە؟ ئەم جیاوازییانە چ تەئسیرێکیان لە پێگە و پلـەی کۆمەڵایەتی ژن و پیاو دا هەیە؟ ئەمانە و زۆر پرسیاری تریش بابەتی خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی فێرخوازەکانی زمانناسی و زمانناسانن. جیاوازیی و بەربڵاویی پرسیارگەلێکی یەکجار زۆر سەبارەت بە زمان بووەتە هۆی ئەمە کە زمانناسی بە چەندین لک دابەش بکرێ.

## لکەکانی زمانناسی

زمان بە شێوەی جۆراوجۆر لێی دەکۆڵدرێتەوە و موتاڵا دەکرێ. هەر بەو پێیەش، زمانناسی دەکرێ بە چەند شێوە دابەش بکرێتە سەر چەندین لک و پۆ. هەرکام لەو لکانە وەڵامی هەندێک پرسیاری تایبەت دەدەنەوە و لە بابەتگەلێکی تایبەت دەکۆڵنەوە:

1. زمانناسیی تیئۆریک (Theoretical linguistics) (خالیس و بنەرەتی: زمانەکان چۆن کار دەکەن؟)
2. زمانناسیی مێژووییانە (Historical linguistics) (زمانەکان چۆن بوون بە ئەمەی کە ئێستا هەن؟)
3. زمانناسیی کۆمەڵایەتییانە (Sociolinguistics) (پێوندی زمان لە گەڵ پێکهاتەکانی تری کۆمەڵایەتی چییە؟)
4. زمانناسیی دەروونناسییانە (Psycholinguistics) (زمان لە ناو مێشک دا چۆن ساز دەبێ و دەکەوێتە کار کردن؟)
5. زمانناسیی پێکگرتن/ کارپێکەرانە (Applied linguistics) (فێربوون و فێرکردنی زمان، وەرگێڕان، هتد.)
6. زمانناسیی کامپیوتێریی ( Computational linguistics) (بە کۆمپیۆتێرەکردنی زمانی ئینسان)

جگە لە ئەمانە، هێندێک لکی دیکەش لە زمانناسی دەبنەوە. بۆ وێنە هێندێک زمانناس لە زمانی مالاَت دەکۆڵنەوە. هێندێکی دیکە خەریکی لێکۆڵینەوە لە زمانی کەمئەندامانی بیستن و گوتنن. هێندێکیش لە کەرەسەکانی تری پێوەندیی گرتن، وەکوو هێما و ئیشارە، دەکۆڵنەوە. هی واش هەیە کە لە فەلسەفەی زمان دەکۆڵێتەوە. هەموو ئەو بەشانەش کە تا ئێستا ناویان هاتووە، لە خۆیاندا دابەش دەکرێنەوە سەر لکی بچووکتر. لە درێژەی ئەم وتارەدا، کورتەیەک سەبارەت بە هەرکام لەو بەشانە پێشکەش دەکرێ.
1. زمانناسیی تیئۆریک (Theoratical Linguistics): ئەم بەشە باوترین بەشی زمانناسی و بەشێکی گرینگی زۆربەی هەرە زۆری کۆلێجەکانی زمانناسییە. ئەم لکەی زمانناسیی لە زمان وەکوو دیاردەیەکی ئینسانیی و کەرەسەیەکی پێوەندیگرتن دەکۆڵێتەوە. چونکە زمان لە چەندین پێکهاتە، وەکوو دەنگ، وشە، رستە، مانا و هتد، چێ بووە، ئەم لکەی زمانناسیش خۆی بە چەندین لکی بچووکتر دابەش کراوە. ئەم لکە بچووکانە بریتین لە فۆنەتیک، فۆنۆلۆژیی، مۆرفۆلۆژیی، رستەسازیی، واتاسازیی و، پراگماتیک (تەئسیری هەلومەرج لە سەر بەکارهێنانی زمان).

1.1. فۆنەتیک (Phonetics): "فۆن" واتە دەنگ. فۆنەتیک واتە زانستی ناسینی دەنگ. لە زمانناسی دا، فۆنەتیک بە کۆڵەکەی زانستەکە و ناسینی زمان دەناسرێ. هۆی گرینگایەتی فۆنەتیک لە ئەمە دایە کە زمان لە ئەساسدا بریتییە لە کۆمەڵەیەک دەنگ کە بە شێوەگەلێکی تایبەت و، زۆربەی کاتان بە پێی یاسایەکی رێکوپێک، سیستەمێکی پێوەندی گرتنیان چێ کردووە. فۆنەتیک لە چۆنیەتی پێکهاتنی ئەم دەنگانە دەکۆڵێتەوە.

بۆ وێنە فۆنەتیک لە ئەوە دەکۆڵێتەوە کە لە زمانی کوردی دا چەند دەنگ هەن. ئەم دەنگانە لە کوێی ئەوک، زار، زمان و لووت دا ساز دەبن و چۆن ساز دەبن؟ دەوری ئەندامەکانی لەش (زار، زمان، ئەوک، لووت، لێو، ددان و هتد) لە سازبوونی ئەم دەنگانە دا چین؟ هەروەها، کامانە لەم دەنگانە دەنگی سەرەکین(فۆنیم)، کامانەش دەنگی ناسەرەکین(ئەلەفۆن)؟ ئەمانە و زۆر شتی گرینگی دیکەش بابەتەکانی لێکۆڵینەوە لە بەشی فۆنەتیک دا پێکدێنن.

2.1. فۆنۆلۆژیی (Phonology): لە حاڵێکدا کە فۆنەتیک خۆ بە دیاریکردن و ساغکردنەوەی دەنگەکانی زمانەوە خەریک دەکا، فۆنۆلۆژیی لە چۆنیەتی سیستەمی رێکخستنی ئەو دەنگانە دەکۆلێتەوە. بۆ نموونە، فۆنەتیک ساغیدەکاتەوە کە "ژ" دەنگێکی سەرەکی(فۆنیم) لە زمانی کوردی دایە. ئەو دەنگە دەنگێکی "خشۆک"ە، لە کاتی سازکردنی دا، سەری زمان دەچێت بۆ سەر سەختەمەڵاشوو، پشتەوەی زمانیش بەرەو نەرمەمەڵاشوو بەرز دەبێتەوە. لە لایەکی دیکەوە، فۆنۆلۆژیی لەوە دەکۆڵێتەوە کە دەنگی "ژ" لە کوێی وشەکاندا دێ. هەر لەم پێوەندییەش دا، وەڵامی پرسیارێکی ئاوا دەداتەوە: بۆچی دەنگی "ژ" لەم وشانەدا هەیە، وەکوو "کوژران"، "بکوژ"، یان "کوژراو"، بەڵام لە وشەیەکی دیکەدا، وەکوو "کوشتن"، نییە و دەبێت بە "ش"؟ ئایا "ش" دەبێت بە "ژ" یان بە پێچەوانەوە، یان هەردووکیان؟ ئەو جێگۆڕکێنەی "ش" و "ژ"، بە هەر شێوەیەک کە ببێ، ئایا هەر لەم چەند وشەیە دایە و بە شێوەیەکی هەڵکەوتە، یان بە پێی یاسایەکی تایبەتە و لە وشەی دیکەش دا روو دەدا؟ ئەگەر بە پێی یاسایەکە، ئەو هەلومەرجە چییە کە ئەو یاسایە تێیدا دێتە ئاراوە؟ ئەمانە ئەو چەشنە پرسیارانەن کە فۆنۆلۆژیی دەیانکا و لە وەڵامەکانیان دەگەڕێ. کەوابوو، فۆنۆلۆژیی لە سیستەمی رێککەوتن و رێکخستنی دەنگەکانی زمانێکی تایبەت دەکۆڵێتەوە.

3.1. مۆرفۆلۆژیی (Morphology): مۆرفۆلۆژیی بریتییە لە زانستی لێکۆڵینەوە لە وشەکانی زمان. ئەم بەشەی زمانناسی لە چۆنیەتی پێکهاتنی وشەکان، ریشەی وشەکان، کەرەسە لکێنەرەکان یان جیاکەرەوەکان، پێشگر و پاشگرگەل و هتد، دەکۆڵێتەوە. لە مۆرفۆلۆژیش دا، وەکوو هەموو بوارێکی زانستی، هێندێک چەمکی گرینگ و تایبەتی هەن. مۆرفۆلۆژیی لەم چەشنە پرسیارانە دەکۆڵێتەوە: وشە چییە؟ مۆرف، مۆرفیم و ئەلەمۆرف چین؟ وشەی "تێکهەڵچوونەوە"، بۆ نموونە، لە چەند وشەی بچووکتر، یان لە چەند مۆرف و مۆرفیم پێکهاتووە؟

ئەم وتارە چەند وشەی تێدایە، چۆن دەزانین و پێوانەمان چییە؟ بە چەند شێوە ئێمە دەتوانین وشەی نوێ لە زمانی کوردیدا داتاشین و دروست بکەین؟ مۆرفۆلۆلۆژیی لە وڵامی ئەم پرسیارانە و پرسیاری لەم چەشنە دەکۆڵێتەوە. مۆرفۆلۆژیی بە شوێن ئەوەوەیە کە یاسای ڕێککەوتن، پێکەوە لکان، تێکەڵاوبوون و تێکبەزینی وشەکان دیاری بکا. لەم ڕووەوە، مۆرفۆلۆژیی وەکوو بەشێکی گرینگی گرامێر (ڕێزمان) چاوی لێدەکرێ.
4.1. سینتەکس (Syntax): سینتەکس لە گرامێر (ڕێزمان) و چۆنیەتی پێکەوە لکانی وشەکان بۆ سازدان و چێکردنی ڕستە و شێوەڕستە لە زمان دا دەکۆڵێتەوە. هیندێک لە یاساکانی ڕێزمانیی لە هەموو زمانەکان د ا وەکوو یەکن. بۆ نموونە، لە هەموو زمانێکدا، ڕستەیەک، لانی کەم، لە یەک بکەر و یەک کردار پێکدێ، وەکوو، "هانا دێ"، "هانا میآ ید،" یان ". Hauna comes". لە گەڵ ئەمەش دا، زۆر یاسای پێکەوە لکانی وشەکان لە زمانێک بۆ زمانێکی دیکە جیاوازە. هەرچەند کە وشەکان مانای سەربەخۆی خۆیان هەیە، بەڵام وا هەیە کە بە پێی ڕیز بوونیان لە ڕستەدا مانا بگۆڕن. بۆ نموونە ئێمە دەتوانین بڵێین، "خەج خۆی بۆ سیامەند هەڵداشت." دەتوانین هەر بەم وشانە، بەڵام بە گۆڕینی شێوەی ڕیز بوونیان، مانای ڕستەکە بگۆڕین، وەکوو "سیامەند خۆی بۆ خەج هەڵداشت." هەروەها، دەتوانین ئەم وشانە بە جۆرێکیش ڕیز بکەین کە ڕستەکەمان هەر مانای نەبێ، لانیکەم بە ئاشکرایی، وەکوو ئەم رستەیە: "هەڵداشت بۆ خۆی خەج سیامەند." باشە بۆچی ڕستەکانی پێشوو، کە هەر لەم وشانە پێکهاتبوون، مانایان هەبوو، بەڵام ئەم ڕستەیەی دوایی، هەر بەو وشانەوە، مانای نییە؟ ئاشکرایە کە ئێوە دەڵێن چوونکە ئەو ڕستەیەی دوایی لە یاسای ڕێزمانی کوردیی لای داوە. ڕاستە. بەڵام، ئەو یاسایانە چین؟ هەروەها، هێندێک جار لەوانەیە ڕستەیەکیش بە تەواوی یاسای ڕێزمانیی رەچاو نەکا، کەچی بیسەرێکی کورد دەتوانێ لە مەبەستی

قسەکەرەکە تێبگا. بۆ نموونە، دەتوانین بڵێین کە هەر چەند ئەم ڕستەیە تەواو ڕێزمانیی نییە، بەڵام هەموو کوردێکیش تێی دەگا: "ئەحمەد خوارد نان ماڵی ئێمە." بیسەرێکی کورد دەزانێ کە مەبەستی قسەکەر ئەمەیە کە "ئەحمەد نانی لە ماڵی ئێمە خوارد." باشە ئەگەر ئێمە لە هەردوو ڕستە تێبگەین، چۆن دەزانین کە کامە ڕستە لە باری ڕێزمانییەوە ڕاستە و کامەیان هەڵەیە؟ ڕستە لە چەند بەش پێکهاتووە؟ کام بەش دەتوانێ بە کام بەشەوە بنووسێ و لە کام هەلومەرج دا؟ کورتترین ڕستەی زمانی کوردی لە چەند وشە پێکدێ؟ درێژترین ڕستە چییە؟ ئەمانە و سەتان پرسیاری دیکەش، سەبارەت بە ڕێزمانی زمان، بابەتی لێکۆڵینەوە و لێ وردبوونەوەی لکی سینتەکسی زمانناسین.

5.1. سەمەنتیک (Semantics): سەمەنتیک (ماناناسی) بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە مانا و واتای مۆرفیمەکان، وشەکان، شێوەڕستەکان، ڕستەکان و گوتارەکان (discourses). ئاشکرایە کە زانینی زمانێک بریتییە لە زانینی دەنگەکان، وشەکان و ڕستەکانی ئەو زمانە. بەڵام، لە ڕاستی دا، ئامانجی سەرەکی لە زانینی ئەوانە ئەمەیە کە قسەکەرێک بتوانێ مەبەستی خۆی، چاک یان خراپ، بە هۆی زمانەوە ڕابگەیێنێ. لەم ڕوانگەیەوەیە کە بەشی سەمەنتیک و ماناناسی گرینگایەتی تایبەت بە خۆی هەیە. لەم لکەی زمانناسی دا، لە بابەتگەلی وەکوو وشە هاوماناکان، وشە دژەکان و هتد دەکۆڵدرێتەوە. هەر لەم بەشەش دایە کە لە پێوەندیی وشەکان، ڕستەکان و گوتارەکان لە گەڵ مانا، مەبەست، ئامانج، فکر و بیر، سیاسەت و ئایدیۆلۆژیی دەکۆڵدرێتەوە. هەڵبەت زمانناس یان کۆلێجی موتاڵای زمانناسی ئەوتۆ هەن کە لە ماناناسی دا تا ئەو ڕادەیە ورد نابنەوە و، لە ڕادەی واتای وشە و ڕستەدا دەوەستن. لە باتی ماناناسی، ورد بوونەوە لە مانای بەشەکانی زمان لە ڕادەیەکی بەربڵاوتر دا دەخرێتە ئەستۆی بواری پراگماتیک یان بواری لێکدانەوەی گوتار (Discourse Analysis).

6.1. پڕاگماتیک (Pragmatics): پڕاگماتیک بریتییە لە لێکۆڵینەوە لەو بەشانەی واتا و زمان لە کاتی کەڵک لێوەرگرتن دا کە بەستراوەتەوە بە هەلومەرجی خودی قسەکەر، بیسەر و ئەو چوارچێوە و کۆنتێکستەش کە قسەکەی تێدا کراوە یان بیستراوە. بە واتایەکی تر، پراگماتیک لەو دیاردە و فاکتۆرانەی گوتار (دیسکۆرس) دەکۆڵێتەوە کە تەئسیریان لە سازبوون و سازدانی واتا و مانا دا هەیە. هێندێک لەو فاکتۆرانە بریتین لە، لە چ هەلومەرجێک دا قسەیەک کراوە، لە کوێ، کەی، لە لایەن کێوە و بۆ کێ؟ ئامانجی قسەکەر چی بووە؟ چەند

لەو قسەیەی کە دەربڕدراوە ئاگاداریی نوێیە و، چەندەی کۆنە؟ بۆ تێگەیشتن لە دەربڕدراوەی تازە، بیسەر ئاگاداریی پێشووی تا چ ڕادەیەک پێویستە و ئەو ئاگادارییانە چین؟ ئەمانە و زۆر وردەبابەتی دیکەش خاڵەکانی لێکۆڵینەوەی بواری پراگماتیک پێکدێنن.

2. زمانناسیی مێژووییانە (Historical linguistics): ئەم لکەی زمانناسی لە مێژوو و پێشینەی زمانەکان و پێوەندیی و خزمایەتیی نێوانیان دەکۆڵێتەوە. لە باری کات و زەمانەوە زمان دەکرێ لانی کەم بە دوو شێوە موتالا بکرێ: سینکرانیک (synchronic) و دایاکرانیک (diachronic). لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەی سینکرانیک بریتییە لە لێکۆڵینەوەی زمان لە کاتێکی تایبەت دا و بەو شێوەیە کە زمان لەو کاتەدا کەڵکی لێ وەردەگیرێ. بۆ نموونە، زمانناسیی مۆدێرن، زمان بەو شێوەیە کە ئێستا هەیە موتاڵا دەکا و لێکیدەداتەوە. ئەمە لێکۆڵینەوەی سینکرانیک یان سینکرۆنیکە. بەڵام، دایاکرانیک واتە لە درێژایی کات و زەمان دا. لێکۆلینەوەی دایاکرانیکانەی زمان واتە لێکۆڵینەوە لە زمان لە کات و شوێنی جیاواز دا. ئەمە بریتییە لە شێوە لێکۆڵینەوەی زمانناسیی مێژوویی، واتە لێکۆڵینەوە لە زمان لە درێژایی مێژوو دا. هەر بەم پێیەش، لێکۆڵینەوە لەم بواردە دا لە سەر ئەسڵ و پرنسیپێکی سەرەکی دامەزراوە: زمان دەگۆڕدرێ. تێگەیشتن لە چەند و چۆنیی گۆڕینی زمان لە درێژایی مێژوو دا، خزمایەتی زمانەکان، پەیدا بوون و گۆڕانی ئەلف و بێیەکان، وەرگرتنی وشە لە زمانێکەوە لە لایەن زمانێکی ترەوە، وە بابەتگەلی لەم چەشنە، بابەتی لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەکانی بواری زمانناسیی مێژووییانە، یان زمانناسیی پێکگرتنانە( Comparative linguistics) پێکدێنن.

3. سۆسیۆزمانناسی (زمانناسیی کۆمەڵایەتییانە) (Sociolinguistics): سۆسیۆزمانناسی، بە کورتی، بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتی پێوەندیی لە نێوان بەکار هێنان و دەکارکردنی زمان لە گەڵ باقی پێکهاتە یان ستراکتۆرە کۆمەڵایەتییەکان. بە واتایەکی تر، سۆسیۆزمانناسی لە ئەوە دەکۆڵێتەوە کە کۆمەڵ و پێکهاتەکانی چ تەئسیرێکیان لە سەر زمان هەیە و بە پێچەوانەوەش، واتە زمان چ تەئسیرێکی لە سەر پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە هەیە. سۆسیۆزمانناسی لە ڕاستی دا بە شوێن وەڵامی زۆر پرسیاران دا دەگەڕێ کە نەک هەر بۆ سۆسیۆزمانناسەکان، بەڵکوو بۆ زۆربەی خەڵکی ئاساییش سەرنجراکێشن. بۆ نموونە، هێندێک لەو پرسیارانە بریتین لە ئەمانە: جیاوازیی لە نێوان کوردیی ڕۆژهەڵاتیی و کوردیی ڕۆژئاوایی دا چییە؟ ئایا ئەم دوو شێوەئاخاوتنە ئەوەندە لێک جیاوازن کە بە دوو زمان بناسرێن، یان دوو دیالەکتی یەک زمانن؟ جیاوازیی لە نێوان قسەکردنی ژن و قسە

کردنی پیاو دا چییە؟ ئایا قسە کردنی ئەم دوو ژێندەرە تەئسیریان لە سەر بەردەوام بوون یان نەبوونی پێگە و پلـەی کۆمەڵایەتیی ئەم دوو ژێندەرە، بەم شێوەیەی کە هەیە یان بووە، هەیە یان نا؟ سۆسیۆزماننـاسی لە پێوەندییەکانی زمان و چینە کۆمەڵایەتییەکان، زمان و خوێندەواریی یان نەخوێندەواریی، زمانە خۆڕسکەکان یان زمانە موتوربەکان، گۆڕینی زمان، مردن و کوشتنی زمان، پلان دانان بۆ زمان، مافی زمانیی، سەرکوتکردنی زمانەکان، زمانی زگماک و زمانی زێدە، یەکزمانە یان چەندزمانە بوون و هتد دەکۆڵێتەوە. بە کورتی، پێوەندیی دیاردەکان و فاکتۆرەکانی کۆمەڵایەتی لە گەڵ زمان و، تەئسیری دوولایەنەی ئەم دوو دیاردە ئینسانییە، بابەتی سەرەکی لێکۆڵینەوە لە بواری سۆسیۆزماننـاسی دان.

4. زماننـاسیی دەروونناسییانە (Psycholinguistics): ئەم بەشەی زماننـاسی لە چۆنیەتیی فێربوونی زمان لە لایەن ئینسانەوە و، دەوری مێشک و هزر لەو پرۆسەیە دا، دەکۆڵێتەوە. بۆ وێنە، ئەو بەشە دەیەوێ ڕوونی بکاتەوە کە بۆچی ئێمە زمان فێر دەبین و چۆن؟ بۆچی ماڵات ناتوانن وەکوو ئینسان فێر بن؟ مێشکی ئێمە چ قابیلـیەتێکی هەیە کە منداڵێکی 4 ساڵانە، تەنانەت کەمتریش، بتوانێ ئەم هەموو یاسا و قانوونانەی زمان فێر بێ؟ ئایا منداڵێک ئەم یاسایانە لە بەر دەکا، بە هۆی پرۆڤە و تەمرینەوە، یان مێشکی ئێمە وا دروست بووە کە چ بمانەوێ و چ نەمانەوێ، مادام کە لە بواری فیزیکییەوە ئیرادمان لە مێشک دا نەبێ، ناچارین کە لانی کەم زمانێک هەر فێر بین؟ ئەم لکەی زماننـاسی زۆر لە فێربوونی زمان لە لایەن منداڵەوە دەکۆڵێتەوە و گەرەکیەتی هەموو ئەو یاسا هزرییانە بدۆزێتەوە کە یارمەتی منداڵێک دەدەن کە زمانەکەی فێر بێ. بۆ دۆزینەوەی وەڵامی ئەم پرسیارانەش سایکۆزماننـاسەکان لە قسەکردنی منداڵەکان لە لابراتۆرەکان دا، لە شێوەی قسەکردنی ئەو کەسانەی کە تووشی زەربەی مێشکیی بوون(ئەیفەیژا)، وە هەروەها لەو کەسانەش کە گرفتی خوێندنەوەیان هەیە(دیسلاکسیا) دەکۆڵنەوە.

5. زماننـاسیی کارپێکەرانە(Applied linguistics): ئەم لکەی زماننـاسی دەکرێ زیاتر لە مانایەکی هەبێ. بۆ نموونە، لە هێندێک لە زانکۆکانی زماننـاسی دا، زماننـاسیی کارپێکەرانە بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە تیۆریگەلی فێربوونی زمانی زێدە (وەکوو فێربوونی ئینگلـیسی لە لایەن کوڕێکەوە) و دۆزینەوەی باشترین ڕێگاکانی فێرکردنی زمانی زێدە. کەچی لە هێندێک شوێنی دیکە، زماننـاسیی پێکگرتن هەموو ئەو بوارانەی دیکەی لێکۆڵینەوە بێجگە لە زماننـاسیی تیئۆریک، یان زماننـاسیی خالیس (فۆنەتیک، مۆرفۆلۆژیی و هتد.) دەگرێتەوە. لەوانە بۆ نموونە، بریتین لە سۆسیۆزماننـاسی، فێربوون و فێرکردنی زمانی زێدە،

دووزمانەبوون و چەند زمانەبوون، کامپیوتێر و زمان، لێکدانەوەی دەق و گوتار، زمان و دەسەڵات، زمان و ئیدیۆلۆژیی، نیشانە ناسی، نەخوێندەواری و خوێندەواری و، هتد.

6. زمانناسیی کامپیوتێری (Computational linguistics) (بە کۆمپیۆتێرەکردنی زمانی ئینسان): ئەم لکەی زمانناسی، کە لە زۆر زانستگە لەوانەیە کە سەر بە زانکۆی دەروونناسیی یان زانکۆی کامپیوتێرەوە بێ، لەوە دەکۆڵێتەوە کە چۆن دەکرێ بە شێوەیەکی رێکوپێک ئەو کارانەی زمان کە بە مێشک دەکرێن بە کۆمپیوتێر بکرێن، بۆ نموونە وەرگێڕانەوە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە، لێکدانەوەی دەق، تایپ کردنی ئەو شتەی کە بە قسە دەگوترێ و لە رێگای میکرۆفۆنێکەوە دەدرێ بە کۆمپیوتێر. بەشێکی گرینگ و پڕداهاتی ئەم بەشەی زانست بریتییە لە چێکردنی بەرنامە کۆمپیوتێرییەکان بۆ فێربوون و فێرکردنی زمانی زێدە، بە تایبەت زمانی ئینگلیسی. ئاشکرایە کە زۆرێک لەم کارانە هەر ئێستا بە کۆمپیوتێر دەکرێن، بەڵام ئەمانە دەکرێ باشتر بکرێن، بە شێوەیەک کە بەرهەمی کارەکانی کۆمپیوتێر لەو بوارەدا دەقیقتر و خێراتر بێ.

هەموو ئەو بەشانەی زمانناسی تژی بابەتی لێکۆڵینەوەن، بە تایبەت بۆ فێرخوازێکی زمانناسیی کورد. لە گەڵ ئەوەشدا کە دەرەتان بۆ کورد زۆر کەم بووە کە خەمخۆر یان ئۆگرانی بواری زمانناسی بتوانن، بە شێوەیەکی زانستی، بە زمانی کوردی ڕابگەن، تا ئێستا کاری باش کراوە. بەڵام، ئەوە بەس نییە و کاری زۆرمان ماوە کە بیکەین. پرسیار ئێستا ئەمەیە کە لە کام بوار دا دەبێ کاری زیاتر بکرێ. راستییەکەی ئەمەیە کە ئەوە لەوانەیە زۆرتر بگەڕێتەوە سەر زەوق و ئیشتیای فێرخوازانی زمانناسی. بۆ نموونە، من خۆم زۆر حەز لە بواری لێکدانەوەی ڕەخنەگرانەی گوتار و دەق دەکەم، بەڵام ئەمەشم لە بەر چاوە کە بۆ نموونە لە بواری فۆنەتیک یان مۆرفۆلۆژیی زمانی کوردیدا زۆر کاری بە نرخ دەکردرێ. بە گشتی، بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی زمانەکەمان، کە ئێستاش لە زۆربەی کوردستاندا هەڕەشەی مردنی لێدەکرێ، دوو بەش لەو بەشانەی کە لە سەرەوە باسمان کردن، پێویستە کە زیاتر لە بەشەکانی دیکە گرینگایەتییان پێ بدرێ. ئەو دوو بەشە بریتین لە بەشی زمانناسیی تیئۆریک (فۆنەتیک، فۆنۆلۆژیی، مۆرفۆلۆژیی، ڕێزمان، ماناناسی و پراگماتیک) و سۆسیۆزمانناسیی.

سەرەڕای ئەوە کە ڕێزی خۆم دەردەبڕم بۆ ئەو کەسانەی کە خەریکی رابردووی زمانەکەمانن،

چونکە پێم وایە لە ڕووی دڵسۆزییەوە کارەکەیان دەکەن، ناچاریشم ئەمە بڵێم کە خۆزگە وزە و کاتی خۆیان تەرخان کردبا بۆ لێکۆڵینەوە لە زمانەکەمان بەو شێوەیەی کە ئەمڕۆ هەیە. ڕەنگ بێ خۆ ماندوو کردن بە بابەتەکانی زیندووی زمانەکەمان گرینگتر بێ لە ئەوە کە بزانین کوردی زۆرتر خزمی کامە زمانە؟ یان ڕیشەی فڵانە وشە تورکییە یان فارسی؟ زمانەکەمان چ پێوەندیی بە "ئاڵمانی"یەوە هەبێ و چ پێوەندیی بە "سوواهیلـی"یەوە هەبێ، هەر ئەوەیە کە هەیە. با لە ئەمە بکۆڵینەوە کە ئێستا چییە، چۆنە، یاساکانی چین، باشترین ڕێگای فێرکردنی یان فێربوونی چییە؟ با لە ئەمە بکۆڵینەوە کە باشترین ڕێگای پێوەندیگرتن بە کوردی چییە لە قسەکردنی ئاسایی دا، لە وتاردانی سیاسیدا، لە گوتاردانی کۆمەڵایەتیدا، لە ژورنالیسمدا و هتد. کارکردن بە زمان و، لێکۆڵینەوە لە چۆنێتی و چەندێتی ئەو کارانەی کە بە زمان دەیکەین لە هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتییەکانمان و هەموو بوارەکانی ژیان دایە کە زمانێک زیندوو ڕادەگرێ، نەک دۆزینەوەی وشەگەلێکی کۆن و ئاشنا لە سەر کوتە پەڕێکی زەرد هەڵگەڕاو.